# راپۆرتەکەی (بیکەر- هاملتون) زەنگیکی خەتەرو
# پەردەی یەکەمی کوێرەوەرییەکی زیاترە بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست

**ئامانج امین**



بۆ هەلسەنگاندن و شیکردنەوەی راپۆرتەکەی .بیکەر–هاملتون و دەورو تەئسیری لە سەر ناوچەکەو دنیا بە پێویستی دەزانم چەند بە لگەیەکی دروستی تێروانین و تیژبینی هاورێ، منصور حکمت، سەبارەت بە جێگاو رێگای ملهوڕی سەربازی ئەمریکاو ر ەقیبەکانی لە ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لە دەیەو نیوی رابوردوداو دوای شەری سارد وەک بەلگەیەکی دروستی ئەو بە بیر بهینمەوە.هەر بەدوای کۆتایی هاتنی شەری ساردا،ئەمریکاو ولا تانی دنیا هەموو دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکانیان کەوتنە شایی و هەلهەلە لیدان، وە کۆتایی هینان بە سۆشیالیزمی درۆینەو هینانی دیموکراسیی وخۆش گوزەرانی و ئارامی بۆهەموو جیهان .بەلام هەر ئەوکاتە هاورێ ( منصور حیکمت ) رایگیاند کە هەندیک لە موففەسیرە ساویلکەکانی بۆژوایی ادعا یئەوە دەکەن کە ئەم دەورانە دەورانی سباتی و ڕۆشنیی و ئارامیە، بەلآ م بە پیچەوانەوە من دەلێم ئەم دەورانە دەورانی نا سباتی و نارۆشنی ونائارامیە ، لە ناکاو ریگا چارە بۆ گیرو گرفتە کۆنکان دەدۆزریتەوەو ئەمەش لگەل خویدا گیرو گرفتی تازەتر دینیتە ئاراوە.

هە میشە لە پشت راپۆرتەکان و راپۆرتەکەی بیکەر هامیلتون وە شتیکی تر لە کیشمە کیش لەنیوان هیزە سیاسیەکان دەگوزەێت و خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک، ومیدیاکانیان ئایدۆلۆجی معنەوی راستەقینە پیشان نادەن قسەی خۆیان دەکەن قسەیەک کە بەکەڵکیان بیت میلیتاریزم،رایزیزم و ناسیۆنالیزم و فاناتیزمی دینی و زۆر شتی تر لە پیشەوەی هە واڵە کانیا نن هەر لە دوای شایی و لۆغانی دوای شەری ساردو هینانی دیمۆکراسیان، ئەمریکا بۆ نیشاندانی هیزی سەربازی خۆی لە ریگەی داگیر کردنی کوێت لە لایەن هیزی سەربازی عیراقە وە هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوت کە هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا جێگیر بکات وهیزە ئیسلام یە سیاسیەکا ن لە ناوچەیرۆژ هەلاتی ناوەراست کە دروس کراوی دەستی خۆیبون بۆ راگرتنی هاوکیشە سیاسیکانییان لە بەرامبەر روسیادا،لاواز بکن.

بەلام بە دوای جەنگیی کاندو دا، ئالاو گۆرە سیاسیی و ئابوریەکانی نێوان ولاتانی زلهیزو هاوکیشە سیاسی و ئابووریکانیان، بەتایبەت بەهیز بونی ئابوریی (صین) و دواتر (هند ستان) امریکاو نسبەتێکیش ئەوروپاش، تووشی قیرانی ئابوری کردلە دەیەی نە وەتەکاندا.امریکاو رەقیبەکانی لە کۆتایی نەوەتەکان وسەرەتایی دیەی دوایی ئەو، پیویستیان بە ئارایشتیک وهیزنواندنیکی ترهەبووبە هیرش بۆ سەر باڵەخانەی ناوەندی بازرگانی جیهانی لەنیورک لە لایەن قاعیدەو ئیسلامی سیاسیەوە وەرەقەیەکی سپیی ئیمزاکراویی دایە دەست امریکاو هاو پەیمانەکانی بۆ دەخالەت کردنی هیزی سەربازیان لە هەر شوینیکی جیهانبیانەویت.ئەمەش جەبهەیەکیی تازەی لە بەرامبەر هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیدا کردەوە،هاوڕێ (منصور حیکمت)جاریکی تر رایگیاند کە پەلا ماریی ئەمریکا بە قەد نوکە دەرزیەک مەبەست لە گرتن وتە مێ کردنی بنلادن نیە.

بەپیی قاعیدە جۆریک لە داگیرکردنی زەمینی و پێشرەوی لە ئە فغانستان و تەنانەت لە عیراقدا دەخەنەبەرنامەیانەوە ئەمە زۆر شت دەگۆرێ روخساری سیاسی دنیا دەگۆڕێت، بەلام لە دریژ ماوەتردا هاوکێشە ئابووری وسیاسی یە جێکە و تووترەکان دیسانەوە خاڵی هاوسە نگیی بە زیانی ئەمریکا دەگۆرێت وە سورێکی دیبلۆماسی بۆ ئاشتی هەردوو لا لە دڵی ئەم هاوسەنگی یە عە سکەریە تازەیدا دەست پیدەکات.

ئەم تیژبینینەی هاوڕێ (منصورحیکمت) دروستی نیشاندا،سیاسەتیی ئەمریکا بەم ئاقارەدا رۆیشت .راپۆرتکەی بیکر هامیلتن کردنەوەی دەرگایی دبلۆماسیە بە رووی ولاتانی ناوچەکە،و نیشاندانی شکستی سەربازیوسیاسی ئەمریکایە وپاشەوپاش گەرانەوەی کۆمەلگەی مەدەنی رۆژ هەلاتی ناوەرست و جیهان بەگیشتی و بەهیزبونی ئسلامی سیاسی یە و پەردەی یەکەمی کیورەوەریکی زیاترە بۆ عیراق و کو ردستان وناوچەکە.

## هەلومەرجی ئیستای عیراق وکوردستان

وەک دەزانن عیرق بۆ تە یاریگای کیشمەکیشی سەربازی نیوان دوبەرەی تیرۆریستی دەولەتی و نادەولەتی وەئەمەش بوە هۆی داگیرسانی شەری تائیفی ومەزهبی وقەومی، کە هەیکەلی سیناریویەکی رەشی بێ کۆتایهەڵ گیرساندوە ،هێرشی تیرۆریستی و خۆکوژی چە قۆ وەشێنەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ سەر گیان و ژیانی ئینسانەکان،کارەساتی هەل هاتن،

**و تەقینەوەی بۆمب وموشک کان و کاول کردن ،بینینی گردۆلکەیەک لە ئینسانی کوژراو لە شاشە ی تەلەفیزیۆنەکانیانەوە ، برسیتی وبێ کارێو نا ئەمنی ،دەستی ناوتە بەرۆکی ملیۆنەهائینسان.**
**راپۆرتەکەی بیکەر هامیلتن پەیامی روداني چەند ئەگەرێکی لە رۆژ هەلاتی ناوەراست بەگشتی ،وە لە عیراق و کوردستان بە تایبەتی لە خۆی هەلگرتوە.دەکرێت یەکێک لە ئە گەرەکان ، شەریک کردنی کوردستان بێت لەوسیناریۆ رە شەیی ناوەراستو خواروی عیراق ، وە هەلگیرساندنی شەری قەومی لە نیوان کوردو عەرەبدا.**
**سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی زەمینەی ئەم شەرە وەکو سرکە ی سەر رەفە هەر کاتێک بیانەوێت دەستی بۆ دەبەن،چونکە قلشتی نێوان ئەم دوو نەتەویە بوونی هەیە ، بە هۆی هێرشی شۆفێنیستی عەرەب وپەلامارو سازشەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە رابوردوودا، هیچ رۆشنایکی بۆ پیکەوە ژیانی ئەم دوو نەتەوەیە نە هیشتۆتەوە.ڕاپۆرتەکەی بیکەر وەک وەسیلە و دەروازەیەک بۆ پیشاندانی هەیمەنەی خۆیان ، و خفە کردنی ئیعترازوناڕەزایەتیکانی ئەم دویانەی کوردستان،وە ریگە خۆشکەرە بۆ هەلا گیرساندنی ئەو شەرەکە دریژە دەدات بە تەمەنی کورتیان لەو قیران و گەندەلییەی تێکە وتون.**

## ریگە چارەو دەربازبون

**بۆ دەرباز بوون و دەرچوون لەم هەلومەرجەی ئیستا تێی کەوتووین بەرزکردنەوەی پەرچەمی خواستە پایەیی وبەرهەق وئینسانیەکانی خەلکی عیراق و کوردستانە، بۆ بەهرەمەند بوون لەژیانێکی هاوچەرخ و اینسانی. دەبیت اعترازو خەباتی لە پینا و ئارامی وخۆش گوزەرانی، و راوەستانەوە لە بەرام بەر ،ئەمریکا وەک بەرپرسی راستەوخۆ لە پێک هێنانی ئەم سیناریۆ رە شەدا، وە لەبەرام بەر ئسلامی سیاسی کەوەک هێزێکی رەش وشەریکە تاوان ، کە بەنیازن کۆمەلگەی مەدەنی عیراق بگێرنەوە بۆ چەرخی جاهیلی.**
**تەکە زامنی دەرچون و راوەستان وە لە بەرام بەر، بەرەی رەشی ئەمریکاو مەزهەب وناسیۆنالیزم دا،گرد بونەوەتانە لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ،دوو بزوتنەوەی سلبی، کە کۆنگرەیئازادی عیراق ،وە سەربەخۆیی کوەردستان کە هەردوکیان تەواو کەری یەکن.بەهیز کردنی کۆنگرەی ئازادی عیراق ،هینانە سەرکارو دروست کردنی حکومەتێکی سکۆلارو مەدەنیهکە زامنی سەربەخۆیی کوردستانە.**
**وە هەولدان بۆ جیاکردنەوەی کوردستان، راوەستانەوەیە لە بەرامبەر پێکهێنەرانی ئەم سیناریۆ رەشەدا بەگشتیی.دەبا هەموو پێکەوە لە دەوری ئەم دوو دروشمە کۆبینەوە، وە هیزی بەشرێتی اینسان دۆست وئازادیخوازی ناوەوەو جیهان، لە دژ ئەم هەل ومەرجە بهێنینە مەیدان ،تا کاتێک ئەمە نەکەین ئەم رۆژ رەشیە هەر بەردەوام دەبێت.**